APIKUR

١٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣

## کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان (ئەپیکور)

## کۆپیانیای کالێگران بی. ڤی. (Kalegran B.V) بووە ئەندامی ئەپیکور

**خاڵە گرنگەکان:**

- کالێگران بی. ڤی. (Kalegran B.V.) بووە هەشتەمین کۆمپانیای نەوتی نێودەوڵەتی ئەندام لە کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان (ئەپیکور).
- کالێگران بی ڤی، کۆمپانیایەکی لاوەکی مۆڵ گروپە، لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە رۆڵێکی گرنگ لە کوردستان دەگێڕێت.

ئەپیکور پێشوازی لە کالێگران بی. ڤی. دەکات وەک هەشتەمین ئەندامی کۆمەڵەکە، کە کۆمپانیایەکە بەتەواوی لەلایەن مۆڵ گروپ خاوندارێەتی دەکرێت.

کالێگران بی. ڤی. لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە بەشداری لە کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان کردووە، لە کێڵگەی شێخان بەرێژەی ٢٠ لەسەد هاوبەشی کۆمپانیای نەوتی (گەڵف کیستۆن)ە، کە ئەندامی ئەپیکورە. پابەندبوونی کۆمپانیاکە بە ناوچەکە و بەشدارییە بەرچاوەکانی بۆ پیشەسازی نەوت و گازی ناوخۆیی، وای لێدەکات ئەندامێکی بێهاوتای ئەپیکور بێت.

کۆمپانیای مۆڵ گروپ، کە بنکەی لە هەنگاریایە، کۆمپانیای سەرپەرشتیاری کالێگران بی. ڤی، چەندین چالاکی فراوانی لەناوەند و رۆژهەڵاتی ئەوروپا هەیە: لەوانەش، سێ پاڵاوگە، دوو کێڵگەی پێترۆکیمیایی و تۆڕێکی ٢٤٠٠ وێستگەی خزمەتگوزاری. کۆمپانیای نێودەوڵەتی مۆڵ گروپ لە ١٠ وڵاتی جیهان کار دەکات و ئەزموونی ٨٥ ساڵ لە بەرهەمهێنانی نەوت و گازدا هەیە.

بە گشتی، ئەندامانی ئەپیکور ئێستا زیاتر لە ٥٠ لەسەدی تەواوی نەوتی هەرێمی کوردستان بەرهەمدەهێنن.

مایلز کاگینز گوتەبێژی ئەپیکور رایگەیاند، "کالێگران بی. ڤی. (مۆڵ گروپ)، کە دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەکەمان، دەنگی ئەپیکور لە پیشەسازی نەوتدا بەهێزتر دەبێت." ئەماژەی بەوەشدا، "کالێگران بی. ڤی. لەگەڵ کۆمپانیا ئەندامەکانی دیکەمان، تەرخانکراوە بۆ بەرەوپێشبردنی تەواوی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت لە بەرژەوەندی خاوەن پشکەکان، کارمەندان و ئابووری گشتی عێراق."

ئەندامانی ئەپیکور هانی هەموو لایەنەکان دەدەن بگەنە چارەسەرێکی بازرگانی، کە مافەکانیان بە گوێرەی گرێبەستەکانیان بپارێزێت و پەرە بە کەشوهەوای وەبەرهێنان لە عێراق و هەرێمی کوردستان بدات.

**-کۆتایی -**

**دەربارەی ئەپیکور:**
ئامانجی ئەپیکور بۆ راکێشانی سەرنجی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت و گاز، وەبەرهێنەر و کۆمپانیاکانی خزمەتگوزارییە، تاوەکو هەرێمی کوردستان بکەنە شوێنی وەبەرهێنانیان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەپیکور ئامانجی داکۆکیکردن و نیشاندانی

بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەندامەکانییەتی، پێکەوە وەک دەنگێکی کاریگەر و هاوبەش لەبەرامبەر هەموو خاوەن پشکەکان لە هەرێمی کوردستان و هەر شوێنێکی دیکە کاربکەن، کۆڕبەند بۆ ئەندامانی سازدەکات بۆ هاوبەشکردنی زانیاری پیشەسازی گشتی و کارەکان.

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی www.apikur.uk بکە

بۆ پرسیاری میدیایی:
مایلز کاگینز، گوتەبێژی ئەپیکور
myles.caggins@wordswarriors.com
media@apikur.uk
واتسئاپ: +1-254-371-5704

ئەپیکور لە سوشیاڵ میدیا ببینە:
تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس (X): @apikur_oil
لینکدئین (LinkedIn): https://www.linkedin.com/company/apikur